گــــۆڤــاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI: https://doi.org/10.26750/09gccw45
ڕێــكەوتــی وەرگـرتـن: 20/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 27/08/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/03/2026

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان پەیوەندییان بە پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

**ئارام محمد سعيد**

aram.mohammed89@uor.edu.krd

بەشی باخچەی منداڵان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی جێبەجێكردنی تەكنەلۆژیا لەباخچەی منداڵان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە و زانینی ئاستی پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، هەروەها زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان و پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەكارهاتوە، توێژەر بۆئەم مەبەستە پێوەری (السيد و ئەوانیتر، ٢٠١٩) بەكارهێناوە بۆ گۆڕاوی جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان كە لە (١٦) برگە پێكهاتوە، هەروەها بۆ پاڵنەری فێربون پێوەری (السماوي، ٢٠١٨)ی بەكارهێناوە كە لە (١٦) برگە پێكهاتوە، تایبەتمەندی پێوەری زانستی بۆ دەرهێنرا كە ڕاستگۆیی و جێگیری لەخۆ دەگرێت، كە بەسەر نمونەی توێژینەوەكە دابەشكراوە كە ژمارەیان (٩٣) مامۆستایە، بەشێوەی هەڕەمەكی سادە هەڵبژێردراون، بەبەكارهێنانی ئامرازی ئاماری (T.Test) بۆ یەك نمونەی سەربەخۆ و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و هاوكۆلكەی هاوپەیوەندی پێرسۆن ئەنجامەكان دەرهێندراون، بەم شێوەیەی خوارەوە: ئاستی جێبەجێكردنی تەكنەلۆژیا لەباخچەی منداڵان لە ئاستێكی مامناوەند دایە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە، ئاستی پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لە ئاستێكی مامناوەند دایە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە، هەروەها پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماری لاواز لەنێوان جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان و پاڵنەری فێربون هەیە. لە كۆتاییدا بەپێی ئەنجامەكانی توێژینەوە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك خراونەتەڕو.

**كلیلە وشەكان:** جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان، پاڵنەر، پاڵنەری فێربون.

# Technological Applications and Their relationship With the Learning Motivation Performance of kindergarten Children from the Perspective Teachers

**Aram Mohammed Saeed**

Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan, Region of Iraq.

**Abstract**

The aims of research are to Understand the level of Technological Applications in Kindergarten from the Perspective of Teachers. And understand the level of Learning Motivation Performance of kindergarten Children from the Perspective of Teachers. And to show the relationship between Technological Applications and Learning Motivation Performance of kindergarten Children from the Perspective of Teachers. In this study, the researcher employed descriptive survey methods. For the Purpose of this research, the Technological Applications scale developed by Alsaeed, and etc (2019), Consisting of 16 items. Furthermore, the Learning Motivation scale designed by Alsamawi (2018), compressing 16 items. Upon extracting the Scientific criteria, including construct validity and interna consistency, the research sample was divided into 93 teachers. The teachers were selected using simple random sampling. Statistical analyses, including one sample t-test, means, and Pearson correlation coefficients, were then applied.

The result of Technological Applications in Kindergarten is perceived to at medium from the Perspective of Teachers. the level of Learning Motivation Performance of kindergarten Children is perceived to at medium from the Perspective of Teachers. And additionally, a weak positive statistical relationship was found between the Technological Applications and Learning Motivation. Based on the result, several recommendations and suggestions were Presented.

**Keywords:** Technological Application, Motivation, Learning Motivation.

## کێشەی توێژینەوەکە:

فێرخوازی ئەمڕۆ جیاوازە لە ڕابردو، فێرخواز چیتر وەرگری مەعریفە و زانیاری نییە، مامۆستاش ئیتر تاکە سەرچاوەی زانستی ئەو نییە. لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، فێرخواز بوەتە فێرخوازێکی چالاک و کارلێککار و ئاشنایە بە تەکنەلۆژیای مۆدێرن، لەوانەش بەرنامە و ئەپلیکەیشنی جۆراوجۆر. بۆیە پێویستە مامۆستایانی باخچە ئەم گۆڕانکارییانە لەبەرچاوبگرن بەجۆرێك کردەی فێرکردن ئەنجام بدەن و کەرەستە و ڕێگای گونجاو هەڵبژێرن کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی فێرخوازدا بگونجێت، جگە لە بەکارهێنانی شێوازی فێربونی جیاواز و نوێ.

گومانی تێدانییە منداڵانی باخچە پێویستیان بە ئامراز و هۆیەکانی بینینی هەستپێکراو هەیە بۆ ئاسانکاری و گەیشتن بە تێگەیشتنی عەقڵی. تەکنەلۆژیای فێرکاری یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیاتر کاریگەربونی وانەکە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و زیادکردنی پاڵنەر لە چالاکییەکان لای منداڵان لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیای فێرکاری یەکێکە لەگرنگترین ئاراستە نوێیەکان لەسەرهەڵدانی زانستی نوێ لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا، تەکنەلۆژیا بەشداری دەکات لەبەرهەمهێنانی هۆکاری فێرکاری و یارمەتی مامۆستا دەدات لە خستنەڕو و ڕونکردنەوەی هەربابەتێکی زانستی و چالاکییەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەدەستهاتو منداڵ دەبێت بە فێرخوازێکی چالاك و شارەزا و ئاشنا دەبێت بە تەکنیکە تەکنەلۆژیە مۆدێرنە جۆراوجۆرەکان کە هۆکارن بۆ گەشەکردنی زانیاری (الدوهري، ٢٠٢٣: ٥٠٠).

پاڵنەر بە یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربون دادەنرێت، یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی گەیشتن بە ئامانجی پرۆسەی فێربون لە بوارە جیاوازەکاندا، جگە لەوەش، پاڵنەر بۆ فێربون یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە کاریگەری لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان هەیە. پاڵنەر بۆ فێربون لایەنێکی گرنگی هەمو قۆناغەکانی خوێندنە، بە باخچەی منداڵانیشەوە، بەو پێیەی منداڵ لەم قۆناغەدا پشت بە کەسانی دیکە دەبەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی، و پێدانەوەی خۆراك، چاودێری و ڕێنماییکردن، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە بەها و ئایدیا و پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی تاك تیایدا پێکدێن، وەکو جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە و دروستبونی ویژدان بۆئەوەی مرۆڤێکی باش و متمانە پێکراوبێت لە بنیاتنانی

ئایندەی کۆمەڵگاکەی. بە سەرنجدان لەو ڕۆڵەگرنگەی کە تەکنەلۆژیا لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و بە تایبەتی لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا دەیگێڕێت، لەوانەش بەرنامەو تەکنەلۆژیاو بەرهەمە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان سەرنجی منداڵان بۆلای خۆیان ڕادەکێشن، لەم قۆناغەدا منداڵ پێویستی هەیە بۆ گەشەکردن و بەدەستهێنانی گەشەی مەعریفی، بۆیە دەبێت گرنگییەکی زۆری پێبدرێت. بۆیە گرنگی پێنەدان و پشتگوێخستنی ئەم لایەنە گرنگە دەبێتە هۆی کەموکوڕی لە ژیانی ئەمڕۆی منداڵ و دواڕۆژیدا.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی پەروەردەیی و دەروونی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئایا جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا پەیوەندی هەیە بە پاڵنەری فێربونەوە لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە گەورەیەی کە ئەمڕۆ جیهان بەخۆیەوە دەبینێت بناغەیەکی نوێ بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەگشی دەسەپێنێت، ئەم بنەما تەکنەلۆژییە بەکاردێت لە داڕشتنی پرۆگرامی پەروەردەیی و فێرکاری کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا و سودوەرگرتن لێیان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و جێبەجێکردنی لە دامەزراوە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان. بەکارهێنانە تەکنەلۆژییەکان گوزارشت لە بیرۆکەیەك، پرۆگرامێك یان بەرهەمێك دەکات بە پشت بەستن بە کۆمپیوتەر بەشێوەی سیستمێکی تەواو یان سیستمێکی لقی بەپێویستی دەزانێت کاردانەوەو ڕەفتاری خوازراو هەبێت و وا چاوەڕوان دەکرێت ئەو بیرۆکە و پرۆگرامە و بەرهەمە سودی هەبێت(عمر، ٢٠٠٧: ٤). ئەم پرۆگرامە کەرەستەی پەروەردەیی نوێ و نامۆ بۆ فێرخوازان دابین دەکات لەسەر بنەمای فێربونی تاکەکەسی، ئەم جۆری پرۆگرامە پەروەردەیی و فێرکاریە یەکەو ناوەڕۆکی بچوك دەخاتەڕو ئەم پرۆگرامە پەروەردەییەش پرسیاری تایبەت لەسەر بابەتی فێرکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دوای ئەوە کۆمپیوتەر وەڵامی فێرخوازەکەش دەداتەوە و هاوتەریبی دەکات لەگەڵ وەڵامی فێرخواز واتە فیدباك پێشکەش بە فێرخوازان دەکات(محمد، ٢٠١٣: ٤).

گەشەی مەعریفی منداڵانی باخچە ئاماژە دەکات بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەریدا دێت لە هەستەکان و درککردن و پێشبینی و پاراستن و بیرهێنانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان و زمان و بیرکردنەوەکانی، بۆیە منداڵ لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە زانیارییەکان وەردەگرێت پاشان هەوڵدەدات کۆگایان بکات لە یادگەیدا و هەرکات بیەوێت بەبیر خۆی بهێنێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو تەکنەلۆژییە کەیارمەتی گەشەی منداڵ دەدات، لەبەرئەوەی منداڵە بچوکەکان سود لەم تەکنەلۆژیایە وەردەگرن بەشێوەیەکی کرداری بۆ هەماهەنگی کرداره دەرەکیەکانیان، هەروەها زمان لە چوارچێوەی فێربوندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت بۆیە منداڵ دەتوانێت سود لە ئەزمونی کەسانی دیکە وەربگرێت(محمد، ٢٠١٣: ٤).

فێربون لە قۆناغی منداڵیدا یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین قۆناغەکانی ژیانی داهاتوی تاك بەو پێیەی منداڵان هیوای گەش و دروستکەری داهاتون، بۆیە دەبێت گرنگی بە خوێندنی ئەم قۆناغە بدرێت لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە بنچینەو بناغەیەکە بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا، کاتێك منداڵان بەشێوەیەکی دروست پەروەردە دەکرێن لە داهاتودا دەبنە بیرمەندی پێشەنگ لە کۆمەڵگادا شوێنپەنجەیان بەسەر کۆمەڵگادا دیاردەبێت دەرئەنجامەکەشی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە لەڕوی فیکری، ڕەوشتی، ڕۆشنبیری، سیاسی و ئابورییەوە. بۆیە منداڵ لەم قۆناغەدا ئاشنادەبێت بە بوارە جیاوازەکانی ئەو ژیانەی کە تێیدا دەژی، و پێداویستییە سەرەکییەکانی و واقیعی ژینگەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەم بەیەکەوە بەستنەش دەبێتە هۆی بونیاتنانی کەسایەتی منداڵ بەشێوەکی هاوسەنگ و تەواو، لەهەمو لایەنەکانی ئاینی و ڕەوشتی و دەرونی و جولەیی و ژیرییەوە وەکو چۆن هەمو پێداویستییەکانی منداڵ دابین دەکرێت (یاسین، ٢٠٠٦: ٤٦٤).

بەلەبەرچاوگرتنی واقعی ئێستای منداڵان، بۆمان دەردەكەوێت تەكنەلۆژیاو ئامرازە مۆدێرنەكانی پەیوەندی ڕۆڵی یەكلاكەرەوەیان هەیە بەو پێیەی یارمەتیدەرن لە پەرەپێدانی زیرەكی و بەدەستهێنانی هەندێك زانیاری و كارامەیی لەبوارە جیاوازەكاندا، بۆیە پێویستە تەكنەلۆژیا ببەسترێتەوە بە فێركردن و ژینگەیەكی گونجاو ئامادەبكرێت لەباخچەی منداڵان، چونكە بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای پەروەردەیی دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی فێركردنیان و پەرەپێدانی كارامەییەكان و تواناكانیان بۆئەوەی بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێداویستییە گرنگەكان و ژیانی داهاتو لەسەدەی بیست و یەك (المالكي، ٢٠٢١: ٤٦٤).

پاڵنەری فێربون یەكێكی ترە لە پایەكانی پرۆسەی فێركردن و فێربون و مەرجێكی بنەڕەتییە بۆئەوەی فێربون ڕوبدات، بەو پێیەی فێرخواز پاڵدەنێت بۆ گرنگیدان بە توخمەكانی بارودۆخی زانستی و وا لە فێرخوازدەكات بە چالاكانە گرنگی بە پرۆسەی فێركردن و فێربون بدات بەشێوەی چالاكی خودی ئامانجدار و ئاراستەكراو و ڕێكخراو، بەردەوام دەبێت لە كاركردن بەو چالاكییە تاگەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەكان لەپرۆسەی فێركردن و بەدەستهێنانی فێربون( ormord, 2012: 104).

لێرەوە ڕونە كە پاڵنەری فێرخوازان باشتردەبێت بەرەو فێربون ئەمەش بە ئامانجێكی پەروەردەیی دادەنرێت، فەیلەسوفانی پەروەردەیی و زانایان و مامۆستایان لەو پێناوەدا هەوڵدەدەن لەبەرئەوەی پاڵنەر ئامرازێكە بۆ بەرزكرنەوەی توانای فێرخوازان و باشتركردنی كارامەییەكانیان و بەرەو پێشبردنیان(علاونە، ٢٠٠٥: ٣٠٧). لەكۆتاییدا دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕبكەینەوە:

١ – تەكنەلۆژیا نوێنەرایەتی یەكێك لە گرنگترین جێگرەوەكان دەكات كە سیستمی پەروەردە دەتوانێت پشتی پێببەستێت بۆ پەرەپێدان بە كارەكانی لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.

٢ – بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا لە باخچەی منداڵان گرنگە لە پرۆسەی فێركردن و فێربوندا، لەبەرئەوەی یارمەتی گەشەی مەعریفی منداڵان دەدات و حەزی فێربونیان زیاددەكات.

٣ - گرنگیدانە بەیەكێك لە گرنگترین قۆناغەكان كە ئەویش قۆناغی منداڵییە، لەبەرئەوەی نەوەی دوارۆژن.

**ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

١ – زانینی ئاستی جێبەجێكردنی تەكنەلۆژیا لەباخچەی منداڵان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.

٢ – زانینی ئاستی پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.

٣ – دەرخستنی ئاستی پەیوەندی نێوان جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان و پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.

**سنوری توێژینەوەكە:**

**١ – سنوری شوێن:** سەرجەمی باخچەكانی منداڵانی (حكومی) سەنتەری قەزای ڕانیە.

**٢ – سنوری كات:** ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥).

**٣ – سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی باخچەی منداڵانی (حكومی) سەنتەری قەزای ڕانیە.

**٤ – سنوری بابەتی:** جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان، پاڵنەری فێربون

**پێناسەی چەمكەكان:**

**١ – جێبەجێكردنە تەكنەلۆژییەكان:**

**. یوسف (٢٠٠٤):** بریتییە لە كەرەستەی فێركاری لەلایەن تیمێكی تایبەتمەندەوە دیزاین و ئامادەدەكرێت و بەرهەمدێت بەبەكارهێنانی كۆمپیوتەر وانەكە دەوترێتەوە لە پرۆسەی فێركاریدا بۆ پێشكەشكردن و خستنەڕوی بابەتی فێركاری بەشێوەیەكی كاریگەر لەگەڵ فێرخوازان(یوسف، ٢٠٠٤: ٩).

**. العليان (٢٠١٩):** بریتییە لە ڕێبازێکی سیستماتیکی کە یارمەتی دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردەیی دەدات، بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکان لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی پەیوەندی مرۆیی و فێرکردن، بە بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆیی و نامرۆییەکان بۆ ئەوەی پرۆسەی فێرکردن کاریگەرتر و باشتر بێت(العليان، ٢٠١٩: ٢٧٣).

**. پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان:** بریتییە لە ڕێگایەکی پەروەردەیی لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی جێبەجێدەکرێت، کە یارمەتی مامۆستایانی باخچە دەدات بۆ گەشەی مەعریفی منداڵان و ڕەفتاری ڕاست و کارامەیی پەیوەندی بەشیوەیەکی گونجاو و باشتر بەراورد بەڕێگای باوی کۆن (تەقلیدی).

**٢ – پاڵنەر:**

**. أبوحويج (٢٠٠٤):** بریتییە لەو وزە شاراوەی کەلەمرۆڤدا هەیە کە پاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی بەشێوەیەکی دیاریکراو لەجیهانی دەرەوەدا، ئەو وزەیەش یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ گەیشت بە ئامانج و مەبەستەکانی و خۆگونجاندنێکی باش لەگەڵ ژینگەی دەرەوە(أبوحويج، ٢٠٠٤: ١٤٣).

**. عبدالخالق (٢٠٠٦):** بریتییە لە حاڵەتێکی جۆش و خرۆش یان ئاگایی لەمرۆڤدا دەبێتە هۆی ڕەفتارێ ئامانجدار ئەم بارودۆخەش لەئەنجامی پێویستیەکەوە دروست دەبێت و دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری چالاك و ئاراستەکراو (عبدالخالق، ٢٠٠٦: ٣٦١).

**٣ – فێربون:**

**. قەرەچەتانی (٢٠٠٨):** بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار ئەوەش لەڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆی دەگرێت. واتە تاك لەهەوڵ و کۆششدا دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەزو ئارەزو ئامانجەکانی(قەرەچەتانی، ٢٠٠٨: ١٧).

**. رسول (٢٠١٤):** بریتییە لە باشبون و گۆڕانی بەردەوامی ڕەفتاری تاك، ئەم گۆڕانەش بە سەرنجدان و لێوردبونەوە لە دەرەنجامەکانی ڕەفتاریدا هەستپێدەکرێن (رسول، ٢٠١٤: ١٥).

**٤ – پاڵنەری فێربون:**

**. الزغبي (٢٠٠١):** بریتییە لە بارودۆخێکی ناوەکی یان دەرەکی لای فێرخواز و ئەو ڕەفتارانەی فێرخواز لەسەریان بەردەوام دەبێت و تاك ئاراستە دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو یان مەبەستی دیاریکراو (الزغبي، ٢٠٠١: ٢٤٨).

**. الرفوع (٢٠١٥):** بریتییە لە خواستی فێرخوازان بۆ کارکردن و بەشداریکردن لە فێربون بەبەردەوامی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و بەرەوپێشچونی تایبەت(الرفوع، ٢٠١٥: ٢٠٧).

**پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ پاڵنەری فێربون:** بریتییە لە بارودۆخێکی ناوەکی کەپاڵ بە فێرخوازەوە دەنێت بۆ ئاگاداربون لە بارودۆخی فێرکاری و ئەنجامدانی چالاکییەکان بە شێوەیەکی چالاکانەو بەردەوامبون لەسەریان تا گەیشتن بە ئامانجی فێربون.

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لەئەنجامی وەڵامدانەوەی پێوەری بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

### یەکەم: چوارچێوەی تیۆری:

### أ – جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان (Technological Applications)

چەمکی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان بریتییە لە دو وشە، وشەی (جێبەجێکردن) بریتییە لە پرۆگرامی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێك یان ئەرکێکی تایبەت، ئەم پرۆگرامانەش لەلایەن کۆمپانیا و تاکەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاسانکاری و بەڕێوەبردنی ئەدای کارەکان. وشەی (تەکنەلۆژیا) کەلە بنەڕەتدا یۆنانییە ئەمیش دەکرێت بە دو وشە (Techno) بەمانای شارەزایی و کارامەیی دێت، وشەی (Logy) یش واتای زانست یان هونەر دێت، کەواتە تەکنەلۆژیا بەواتای جێبەجێکردنی مەعریفە دێت بۆمەبەستی زانستی و هەروەها بەواتای لێهاتویی لە هونەری وانەوتنەوەدا دێت. لەبواری پەروەردەو فێرکردندا.

جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان یارمەتیدەرن لە دەستکەوتی زانستی و مەعریفی فێرخوازان لەڕێگای دو شێوازی بنەڕەتییەوە وەکو لابردنی بەربەستەکان و ئاستەنگە مادییەکانی بەردەم فێربون، و گواستنەوەی سەرنج لە پاراستنی مەعریفی بۆ بەکارهێنان، پێویستە لێکۆڵینەوە لەم دو ڕێگایە بکرێت لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ منداڵانی باخچەو مامۆستا بۆئەوەی بەها و کاریگەرییەکانیان بزانرێت لە ژینگەی فێرکاری منداڵانی باخچە( novan & Muhammad , 2016: 10).

## گرنگی تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە فێرکردندا

پشتبەستن بە تەکنەلۆژیاو تێکەڵکردنی لە پرۆسەی فێرکاریدا گرنگیەکەی لەمانەی خوارەوەدا بەدەردەکەوێت:

_ باشترکردنی جۆری فێرکردن، و هاندانی فێربون و چالاکی خودی بۆ فێرخوازان ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئاستی ئەکادیمییان هەیە.

_ زیادکردنی بەشداری ئەرێنی و چالاکانەی فێرخوازان لە پرۆسەی فێربوندا.

_ ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی، ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کە زۆربەی سیستمە فێرکارییەکان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، چونکە مامۆستا ڕوبەڕوی ئەو خوێندکارانە دەبێتەوە کە جیاوازییەکی ڕونیان لە زیرەکی و ئارەزوەکانیان و ئامادەباشی و تواناکانیاندا هەیە، تەکنەلۆژیا بەرنامەی فێرکاری دابینکردوە بۆ ئەوەی هەر فێرخوازێک بتوانێت بەپێی توانا و خێرایی خۆی فێربێت.

_ ئامانجی سەرەکی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری بریتییە لە گەیشتن بە ئامانجی پشتڕاستکراوە و پێوانەکراو و تێبینیکراو بە ئاستێکی بەرز.

_ پێشکەشکردنی زانیاری جۆراوجۆر لە ناو پۆلەکان یان ناوەندەکانی سەرچاوەی فێربون.

_ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی فێرخوازان.

_ کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر مامۆستایان و ڕاهێنانیان لە بوارەکانی ئامادەکردنی ئامانجەکان و کەرەستەی فێرکاری و ڕێگای فێرکردنی گونجاو.

_ چارەسەرکردنی کەمی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە ڕوی زانستی و پەروەردەییەوە.

_ دابینکردنی دەرفەت بۆ ئەزمونە هەستیەکان تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت لە ئەزمونە ڕاستەقینەکان نزیک بێت.

_ تەکنەلۆژیا کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی ئەزمونی واقیعی یان جێگرەوە، نزیککردنەوەی واقیع لە مێشکی فێرخواز بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردنیان.

_ بەکارهێنانی کۆمەڵێك کەرەستە لە دۆخی فێرکردن و فێربون بەشێوەیەکی تەواو کاردەکات بۆ دابینکردنی فێربونی قوڵتر و گەورەتر و کاریگەرتر (شحادة، ٢٠٠٦: ٢٠).

## گرنگی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە فێرکردنی منداڵان

تەکنەلۆژیای مۆدێرن یارمەتیدەرە لەڕوی وروژاندن و گرنگیدان و ئاگاداربون پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی منداڵ بۆ فێربون و دروستکردنی ئاراستەی نوێ کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەزمون و زیادکردنی بەشداریکردنی چالاکانەی منداڵ ئەمەش وای لێدەکات زیاتر ئامادەبێت بۆ بەرەو پێشچونی کارامەییە عەقڵییەکانی، بەشداریکردنی

سەرجەم هەستەوەرەکانی منداڵ دەبێتە هۆی چەسپاندن و قوڵکردنەوەی مەعریفە، تەکنەلۆژیای مۆدێرن ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان منداڵەکان دەکات.

تەکنەلۆژیا تادێت گرنگتردەبێت لە پاشەکەوتکردنی کات و پەرەپێدانی توانای منداڵ لەسەر جیاکردنەوەی نێوان تێگەیشتنە هەستیەکان و پۆلێنکردنیان بەو پێیەی وەك شێوازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ منداڵ بەکاردێت، و پێشکەشکردن و ڕونکردنەوەی کارامەیە پێویستییەکانی فێربون، هەروەها تەکنەلۆژیا یارمەتی منداڵ دەدات کە یادەوەری درێژتر بێت و جۆش و خرۆشی زیاددەکات بەرەو فێربون، مەیلە ئەرێنیەکانی پەرە پێدەدات و هەروەها پەرە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدات.

تەکنەلۆژیای مۆدێرن یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی فێرکردن و توانای دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنە هەستیەکانی منداڵانی باخچەی هەیە، لەگرنگترین تەکنیکە تەکنەلۆژییەکان وەکو مەڵتیمیدیا چەندین تایبەتمەندی هەیە کەوای لێدەکات ببێتە توخمێکی گرنگ لەبەدەستهێنانی زانیارییەکانی منداڵدا. گرنگی بەکارهێنانی لەقۆناغی باخچەدا دەگەڕێتەوە بۆ:

١-توانای پێشکەشکردنی زانیاری بەشێوەیەك کە نزیك بێت لە واقعی ژیانی منداڵ و پێشکەشکردنی ئەزمونی ڕاستەوخۆ.

٢-دەگونجێت لەگەڵ سروشتی منداڵ.

٣-منداڵ هەست بە متمانەبەخۆبون دەکا کاتێك وەڵامەکانی بەهێزتر دەکەیت دور لە هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و ترس(التميمي، ٢٠١٠: ١٣٩-١٤٠).

## ئامانجەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن

- تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئامانجی دابینکردنی کارامەییە بنەڕەتییەکانە لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازە سادەکاندا.
- تەکنەلۆژیای مۆدێرن پەرە بە شیکردنەوەی کێشەکان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدات.
-کورت ناکرێتەوە تەنها لەسەر فێرکردنی مامۆستاو کتێبی قوتابخانە.
- تەکنەلۆژیای مۆدێرن بەشداری کاریگەرو ئەرێنی و کاری هاوبەش زیاددەکات لەنێوان فێرخواز و ڕاهێنەردا لەسەر شێوازی خستنەڕوی بۆچونەکان.
- هەروەها ئامانجی زیادکردنی خۆشی و شادییە بۆ پرۆسەی فێرکردن بۆ هەریەك لە مامۆستاو منداڵ (زيدان، ٢٠١٥: ٥٠٣).

## پاساوەکانی تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە پرۆسەی فێرکردندا

وڵاتانی پێشکەوتو ڕێککەوتن لەسەر خەرجکردنی ملیارەها دۆلار بۆ تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە پرۆسەی فێرکردندا، ئەمەش بۆ هاندانی خەیاڵی فێرخواز و زیاتر بەرزکردنەوەی فێربون و ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی بیرکردنەوەی باڵا لەلایەن فێرخوازەوە، وەک شیکردنەوە، لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن، گشتاندن، چارەسەرکردنی کێشە و داهێنان، زیادکردنی کارامەیی مامۆستا بەشێوەیەک کە یارمەتی مامۆستایان بدات پێداویستییەکانی فێرخواز دابین بکەن و ئاسانکاری بکەن بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ فێرخواز. لە گرنگترین ئەو پاساوانەش:

- تەکنەلۆژیا ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی سەختییەکانی فێرکردن و فێربون.
- تەکنەلۆژیا هۆکاری گۆڕانکارییە.
- تەکنەلۆژیا دەتوانێت ناوەڕۆکەکان بەشێوەیەکی قوڵ بخاتەڕو و توانا ژیرییە باڵاکان بەشداری پێبکات.
- تەکنەلۆژیا بەشداری فێرخوازان لە بواری خوێندندا زیاد دەکات.
- تەکنەلۆژیا پاڵنەری فێرخواز بۆ فێربون زیاد دەکات.
- خوێندکاران فێردەبن لە کوێ و چۆن دەستیان بە زانیاری بگات لە جیهانێکی دەوڵەمەند بە زانیاری.

- خوێندکاران لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتیدا کارامەیی پرسیارکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاردەهێنن.
- بۆ پاڵپشتی ئەدای کارکردن و پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەی پەروەردەیی و ژینگەی فێرخوازان و مامۆستایان و کارگێڕان (العليان، ٢٠١٩: ٢٨٠).

### ڕۆڵی مامۆستا لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە باخچەی منداڵاندا

چەند هۆکارێک هەن کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هەیە لە لایەن مامۆستایان لە باخچەی منداڵاندا، لەوانە:

١ - دۆخی فێرکاری، بەردەستبونی بەکارهێنان لە پۆلەکانی خوێندن.
٢ - پاڵپشتی و ڕاهێنانی مامۆستا لەو بوارەدا.
٣ - بەردەستبونی سەرچاوەی تەکنەلۆژی لە پۆلدا لە ڕوی فرەچەشنی و ژمارەوە.
٤ – بەردەستبونی شارەزایانی تەکنەلۆژیا لە دەرەوەی پۆل(سيد، ٢٠٢٣: ٦٤٢).

### جۆرەکانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە فێرکردنی منداڵاندا

**تەختەی زیرەك(Smart boards):** تەختەیەکی سپی کارلێککارانەیە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئامرازی خستنەڕو کاردەکات لەڕێگەی بەستەوەی بە کۆمپیوتەرەوە ئامێری خستنەڕوی داتاکان، لەکاتی بەسنەوەشی شاشەی کۆمپیوتەرەکە گەورە دەکات بە ڕونیەکی بەرز و ورد، هەمو زانیاری و داتا و وێنەکان هەڵدەگرێت و دەیگوازێتەوە بۆ کۆمپیوتەری منداڵان.

**فێرکردنی تێکەڵاو(Blended teaching):** بەواتای تێکەڵاوکردنی ستراتیژیەکانی فێربونی ڕاستەوخۆ لەپۆلی باودا (تەقلیدی) لەگەڵ کەرەستە فێرکاریە ئەلکترۆنیەکان بۆنمونە ئینتەرنێت، کە فێرخواز دەتوانێت زانیاری لە ئینتەرنێتەوە وەربگرێت و دەنگیش لە مامۆستاوە دەبیستێت کەوەکو ڕێنمایکاری منداڵ بەپێدانی ڕێنمایی بەسود لە پۆلدا، فێرکردنی تێکەڵاو بەرنامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێت وەکو ڤیدیۆ و وێنە کە زیاتر سەرنجی فێرخواز ڕادەکێشن لەوەرگرتنی زانیاری ڕاستەوخۆ لە مامۆستاوە زۆرێك لە توێژینەوەکان سەرنج دەخەنە سەر ئەم جۆرە لە شێوازی فێرکاری و پەرەپێدانی لە داهاتودا.

**ئامێری تابلێت (ئایپاد)(Tablet devices):** یەکێکە لە تەکنیکە تەکنەلۆژییەکان لەئێستادا زۆر بەکاردێت لەبواری فێرکردندا، بەهۆکاری سوکی کێشەکەی و پەیوەستکردنی بە ئینتەرنێتەوە، لەو ڕێگەیەشەوە زانیاری فێرکاری کۆگادەکرێت، هەروەها بەکارهێنانی بوەتە جێگرەوەی کتێب لە زۆر لە وڵاتە پێشکەوتوەکان(الفار، ٢٠١٥: ٢٣).

**پێنوسی ئەلیکترۆنی یان پێنوسی دیجیتاڵی(Electronic pen or digital pen):** ئەم قەڵەمە هەمو ئەو شتانەی کەلەسەر کاغەز دەنوسرێت هەڵدەگرێت بۆئەوەی دواتر بتوانیت بیخەیتە سەر کۆمپیوتەری تایبەتی خۆت، هەروەها ڕێگەت پێدەدات بزانیت چی دەنوسیت لەهەمان ساتدا لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، وە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەبەرنامەی وێنەکێشاندا.

**کتێبی ئەلیکترۆنی(Electronic books):** مەبەست لێی کتێبی بەردەستە بەشێوەی دیجیتاڵی بەرنامە بۆ دارێژراو لە میمۆریدا دەتوانین ببینین لەسەر کۆمپیوتەر لە کتێبخانەدا یان لەسەر لاپتۆپ لەدو بەشی گەورە پێك دێت یەکەم فایلی کتێبی ئەلیکترۆنی ئەو فایلەیە کە بابەتە نوسراوەکەی تێدایە، وە ئەوەی تریان بەرنامەیەکی خوێندنەوە بۆ کتێب زۆرجار لە شێوەی pdf(سالم، ٢٠٢١: ٥٠٤).

### ب - پاڵنەری فێربون (Learning Motivation)

پاڵنەر پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربون مەرجی سەرەکیە بۆ ڕودانی فێربون، پاڵ بەفێرخوازەوە دەنێت بۆ ئاگاداربون لە توخمەکانی بارودۆخی فێرکردن، ئەمەش دەبێتە هۆی وەرگرتنی پرۆسەی فێرکردن و فێربون بە چالاکی و زیندویی، ئەوکاتە فێرخواز دەتوانێت چالاکی خودی ئامانجدارو ئاراستەکراو ڕێکخراو ئەنجام بدات، وە بەردەوام دەبێت لەکارکردن بەچالاکی هەتاوەکو دەگاتە ئامانجی خوازراو لە پرۆسەی فێرکردن و گەیشتن بە فێربون( ormord , 2012: 104).

ڕونە باشترکردنی پاڵنەری فێرخوازان بەرەو فێربون بۆخۆی بە ئامانجێکی پەروەردەیی دادەنرێت، فەیلەسوفانی پەروەردەیی و زانایان و مامۆستایانی بواری پەروەردە لەو پێناوەدا هەوڵدەدەن، هەروەها پاڵنەر ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی فێربون و بەرزکردنەوەی کارایی فێرخواز و باشترکردنی کارامەییەکانی و گەشەپێدانی.

گرنگی پالنەر دەردەکەوێت لە پرۆسەی فێرکردن و فێربون شێوازێکە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەگەیشتن بە ئامانجە تایبەتەکانی فێربون بەشێوەیەکی کاریگەر، هەروەها هاندانی پاڵنەری فێربون ئاراستەکانیان و گرنگیپێدانی تایبەت لەلایان، وایان لێدەکات کە ڕازی بن بەشداری چالاکییە مەعریفییەکان و کارامەییەکان و ویژدانییەکان بکەن لەدەرەوەی کاری قوتابخانە، ئەمەش لە ژیانی داهاتویاندا ڕەنگ دەداتەوە(نشواتی، ٢٠٠٣: ٣٠٧).

## جۆرەکانی پاڵنەر

**پاڵنەرە ناوخۆییەکان:** هەروەها پێی دەوترێت پاڵنەرە فسیۆلۆژییەکان لە پاڵنەرە سەرەتاییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمانە بەو پاڵنەرانە ناسراون کە بنەمایەکی ڕونیان هەیە، لە پێداویستییە تایبەتەکانی جەستە بۆ ئەرکە ئۆرگانی و فسیۆلۆژییەکان سەرهەڵدەدات، وەک پێویستی ئاو و خۆراک و جنس. پاڵنەرە دەرونییەکان پێیان دەوترێت پاڵنەرە لاوەکییەکان، ئەمانە ئەو پاڵنەرانەن کە هیچ بنەمایەکی فسیۆلۆژی ڕونیان نییە، وەک خاوەندارێتی، سەرکەوتن، کۆنترۆلکردن، فزول و دەستکەوت، سەبارەت بە مرۆڤەکان، پاڵنەرە سەرەتاییەکان کەمتر کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەیە، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە پلەی تێرکردنی، لە بارودۆخی ئاساییدا، پاڵنەرە لاوەکییەکان بەهێزتر دەردەکەون (ابوجادو، ٢٠٠٦: ٢٩٣).

**پاڵنەرە دەرەکییەکان:** ئەم جۆرە پاڵنەرانە پێیان دەوترێت پاڵنەری لاوەکی یان پاڵنەری بەدەست هێنراو، وەک چۆن لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەی مادی و کۆمەڵایەتی فێردەبێت بەپێی پرۆسەکانی بەهێزکردن و سزادان کە کۆمەڵگا دابینی دەکات، ئەم پاڵنەرانە کۆمەڵێک پێویستی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرن. وەك پێویستی خۆشەویستی، سەربەخۆیی، هاوڕێیەتی، کۆنترۆڵکردن، خاوەندارێتی، ڕێزگرتن، خۆبەدیهێنان و پاڵنەرەکانی تر. ئەم جۆرە پێداویستیانە لە تاکەکاندا لە ڕێگەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیبونەوە پەرەدەسەنن کە تاکەکان لە قوتابخانە، خێزان، شەقام، شوێنەکانی پەرستن، دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەوانی دیکەدا بەرکەوتەی دەبن. ئەم جۆرە پاڵنەرانە بەپێی جۆری کولتور و سیستەمی کۆمەڵایەتی باو لەنێو کۆمەڵگاکاندا جیاوازن(الزغلول، ٢٠٠٦: ١٨٤).

## تیۆرییەکانی ڕونکردنەوەی پاڵنەرەکانی فێربون

### ١ – تیۆری مرۆیی

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە سەرنجیان لەسەر ئازادی تاکەکەس و توانای هەڵبژاردن و بڕیاردان و هەوڵدانی خودییە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچون، هەروەها تیۆری مرۆیی تیشک دەخاتە سەر ڕوانگەی گشتگیرانەی مرۆڤ و پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی یەکگرتو کە لە عەقڵ و جەستە و ڕۆح پێکهاتوە. ئەبراهام ماسلۆ دامەزرێنەری ئەم تیۆرەیە لە دەرونناسیدا(یونس، ٢٠٠٧: ١١٠).

ماسلۆ گریمانە دەکات کە پاڵنەرەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی پلەبەندی گەشە دەکات بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییە ئاست بەرزەکانی وەک پێداویستییەکانی دوپاتکردنەوەی خود، جگە لەمانە پێداویستییەکان لە ڕەفتاری تاکدا دەرناکەون تا دوای تێرکردنی پێداویستییەکانی خوارەوەی هەرەمەکە، وەک پێداویستییە بایۆلۆژییەکان و تاکەکەش هەوڵی تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆشەویستی و وابەستەیی نادات بۆ نمونە تەنها دوای تێرکردنی پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان و پێداویستییەکانی ئاسایش و سەلامەتی نەبێت(عیاصرة، ٢٠٠٦: ٩٧).

**٢ – تیۆری ڕەفتاری**

ڕەگو ڕیشەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکانەی کە لە یاساکانی قوتابخانەی ڕەفتاردا باس کراون، وەک بافلۆف و ثورندایك و سکینەر و ئەوانی تر، ئەم ڕەوتە وا گریمانە دەکات کە پاڵنەر بەرەو فێربون حاڵەتێکە کە ڕەفتاری تاک کۆنترۆڵ دەکات و لە شێوەی وەڵامدانەوەی بەردەوام و هەوڵی بەردەوامدا دەردەکەوێت بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەهێزکردنی پێویست(ابوجادو، ٢٠٠٦: ٢٩٦).

ڕەفتارییەکان پاڵنەر لەڕوی هەندێک چەمکی وەک هاندان، بێبەشکردن ڕون دەکەنەوە، کە ئامانج لێی بەهێزکردنی ئەو وەڵامانەیە کە ڕێژەی بێبەشبون کەم دەکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو بەهێزکردنەی کە بەدوای وەڵامەکاندا دێت دەبێتە هۆی فێربونیان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانی گونجاوی ستراتیژییەکانی بەهێزکردنی جۆراوجۆر بەسە بۆ بەرهەمهێنانی ڕەفتاری خوازراو. ثورندایک پاڵنەر بە یاسای کاریگەری ڕون دەکاتەوە، جەوهەرەکەی ئەوەیە کە ئەو تێرکردنەی کە بەدوای وەڵامەکەدا دێت، دەبێتە هۆی فێربونی ئەم وەڵامە و بەهێزکردنی، فێرخوازیش لەسەر بنەمای ئارەزوی گەیشتن بە حاڵەتەکانی تێرکردن و دورکەوتنەوە لە حاڵەتەکانی ئازار ڕەفتار دەکات یان وەڵامدەداتەوە(الزيد واخرون، ١٩٩٩: ٦٣).

**٣ – تیۆری دەرون شیکاری**

ئەم تیۆرە سەرچاوەکانی و زۆربەی چەمکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ فرۆید، چەمکی بەهێزکردن و نائاگایی لە کاتی لێکدانەوەی هەردو ڕەفتاری ئاسایی و نائاساییدا فرۆید پێی وایە پاڵنەر نائاگاییە و زۆربەی ڕەفتاری مرۆڤەکان بە دو پاڵنەری غەریزەیی دەجوڵێن جنس و شەڕانگێزی ئەمەش جەخت لەسەر گرنگی کارلێکی ئەم دو هاندەرە لەگەڵ منداڵی سەرەتایی و کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی زۆر لایەنی ڕەفتاری مرۆڤ دەکاتەوە. ڕونە کە ئەوەی تیۆری دەرون شیکاری لە ڕوی چەمک و لێکدانەوەکانی پەرەسەندنی ڕەفتاری مرۆڤ و میکانیزمەکانیەوە پێشکەشی دەکات، یارمەتی مامۆستا دەدات زیاتر لە هەڵسوکەوتی خوێندکارەکانی تێبگات و وای لێدەکات بتوانێت پەیوەندییەکی کاریگەرتر لەگەڵیاندا بەدەستبهێنێت(الزيد واخرون، ١٩٩٩: ٦٦).

**٤ – تیۆری مەعریفی**

لایەنگرانی تیۆری مەعریفی پاڵنەر بەو حاڵەتە ناوخۆییە پێناسە دەکەن کە بیرکردنەوە و زانیاری فێرخواز دەجوڵێنێت و پاڵیان پێوەدەنێت بۆ بەردەوامبون تا دەگاتە بارودۆخێکی دیاریکراوی هاوسەنگی مەعریفی. تیۆری مەعریفی پاڵنەر لە ڕوی چەمکەکانەوە ڕون دەکاتەوە کە جەخت لەسەر ئازادی و بنەما و توانای تاک دەکەنەوە بۆ هەڵبژاردن و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی بەو ئاراستەیەی کە ئارەزوی دەکات. لە دیارترینی ئەم چەمکانەدا: مەبەست، نیاز، پێشبینی، کە ئاماژەیە بۆ پاڵنەری خودی. حەزی گەڕان و ئارەزوی سەرکەوتن لەو پاڵنەرانەن کە ئاماژەن بۆ بونی پاڵنەری خودی و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت لە چالاککردنی ڕەفتاری مرۆڤدا، ئاراستە و پێکهاتنی لە ڕوی پەیوەندییەکەی بە چالاکیی ڕەفتاری و کارکردی سێ گۆڕاو کە توانای فێرخواز دیاری دەکەن بۆ بەدەستهێنان، کە پاڵنەرن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن خواستی فێرخواز بۆ بەدەستهێنانی ئەزمونی سەرکەوتنی ئەگەری(سعدي، ٢٠٠١: ٦٤).

**توخمەکانی پاڵنەری فێربون**

چەند توخمێك هەن کە ئاماژە دەکەن بە بونی پاڵنەر لە تاکدا ئەم توخمانە بریتین لە:

**١ - حەزی گەڕان:** تاك بە سروشتی خۆی حەزی گەڕانی هەیە بەدوای زانیاری نوێدا و چێژ وەردەگرن لە فێربونی شتی نوێ، وە هەست بەڕازیبون دەکەن لە کاتی چارەسەرکردنی ئاڵۆزیەکان و پەرەپێدانی لێهاتویی و تواناکانی خۆیان. ئەرکی بنەڕەتی فێربون بریتیە لە پەروەردەی حەزی گەڕان لای فێرخواز و بەکارهێنانی حەزی گەڕان بۆ فێربون و پێشکەشکردنی هاندەری نوێ و نامۆ لای فێرخواز.

**٢ – توانای خودی:** بەواتای باوەڕی تاك دێت بە هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت یاخود گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، ئەم چەمکە دەتوانرێت جێبەجێبکرێت لەسەر فێرخواز، ئەو فێرخوازانەی کە گومانیان لە تواناکانیان هەیە، پاڵنەریان بۆ فێربون نییە.

**٣ – ئاراستە:** گوزارشت دەکات لە بابەتی هەڵخەڵەتێنەر، ئاراستەی فێرخواز دەربارەی فێربون کە تایبەتمەندییەکی ناوەکیە و بەردەوام لە ڕەفتارەکانیدا بەدەرناکەوێت. ڕەوشتە ئەرێنیەکانی فێرخواز تەنها بە ئامادەبونی مامۆستا بەدەردەکەوێت، لەکاتەکانی تردا بەدەرناکەوێت(غباري، ٢٠٠٨: ٤٥).

**٤ – تواناکان:** بریتییە لە پاڵنەرێکی ناوەکی دەربارەی فێرکردن بەشێوەیەکی گەورە دەبەسترێتەوە بە توانا خودییەکان و تاك هەست بە ئاسودەیی دەکات لەکاتی سەرکەوتن لە ئەرکەکانیدا ئەم سەرکەوتنەش بۆ هەندێك هێشتا بەس نیە.

**٥ – هۆکارە ژینگەییەکان:** بەشداریکردنی کاریگەر پێویستی بە دابینکردنی ژینگەیەکی وروژێنەر هەیە کە بەرەنگاری بێهیوایی ببێتەوە لەسەر ستراتیژیەکانی فێربون و هەروەها بونی نەرمی و داهێنەرانەو بتوانرێت جێبەجێبکرێت و دورکەوتنەوە لە ترس و فشارەکان و ئامانجە دەرەکییەکان. ئەو نیشانانە بەهایەکی باشیان هەیە وەك پاڵنەرێکی دەرەکی ئەگەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەباشی پلانی بۆ دابنرێت.

**٦ – هاندان:** کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکیە کە فێرخواز ئامادەدەکات بۆ تێرکردنی ئارەزو و پێداویستی و ئاواتەکانی بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردنی بەئامانجی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی، واتە سەرکەوتن و بەدیهێنانی خود و ڕازیبون لە دەرون(غباري، ٢٠٠٨: ٤٧).

### ئەرکەکانی پاڵنەری فێربون:

**١ – ئازادکردنی وزەی هەڵچونی شاراوە و هاندانی چالاکییەکانی:** پاڵنەرەکان جیاوازن بەڵام وزەکانن کەیان لەناوەوە یان دەرەکییەوە دێن. وەك ئەو هێزە وایە کەلە خودی چالاکییەکەدا ئامادەیە، واتە فێرخواز هەست بە ئارەزوی ئەنجامدانی کارەکە دەکات بەبێ هاندان و پاداشتی دەرەکی. سەبارەت بە پاڵنەرە دەرەکیەکان بەبڕی ئەو هاندانە دەرەکیانە دیاری دەکرێت کە فێرخواز کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات وەك ئەنجامەکان، تێبینیە ئەرێنییەکان، دیاری لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە کە زانراون ئەم جۆرە پاڵنەرە لەگەڵ نەمانی هاندەرە دەرەکییەکان نامێنێت (أبوالرياش و اخرون، ٢٠٠٩: ٣٥٤).

**٢ – هەڵبژاردن:** پاڵنەر ڕۆڵی هەڵبژاردن دەگێڕێت بەو پێیەی هاندەری فێرخوازە بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو و دورکەوتنەوە لە ڕەفتارێکی دیکە لەهەمان کاتدا شێوازی وەڵامدانەوەی تاك بۆ بارودۆخەکانی ژیان دیاری دەکات. بۆنمونە کاتێك فێرخوازێك لەژێر کاریگەری پاڵنەرێکی دیاریکراودا پێداچونەوە بە وانەیەکی دیاریکراودا دەکات وەك خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەیەك، تەنها گرنگی بەو بەشانە یان زانیاریانە دەدات کە پەیوەندییان بەو تاقیکردنەوەوە هەیە کە ئەنجامی دەدات گرنگی بەبابەتی تر نادات تەنها بە ڕوکەش نەبێت.

**٣ – ئاراستەکردن:** پاڵنەر تایبەتمەندییەکی تاکەکەسییە کەتاك پاڵدەنێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی دیاریکراو هەر بۆیە لەهەمان کاتدا ڕەفتارەکانی بە سروشتێکی مەعریفییەوە دەچەسپێنێت ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەو فێرخوازانەی

هەوڵەکانیان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە دەکەن پاڵنەرێکی زیاتریان هەیە و زیاتر ئامادەیە بۆ هەوڵدانی گونجاو(دوقه، ٢٠١١: ١٧).

**٤ – بەردەوامی:** بەردەوامی ڕەفتار دەپارێزێت تا ئەو کاتەی مرۆڤ پێویستی بە پاڵنەر دەبێت پاڵنەر یارمەتیدەرمانە لە تێگەیشتن لە فێرخوازەکەو ئەو پاڵنەرە جیاوازانەی کە دەیجوڵێنن یارمەتیدەرمانە بۆ پێشبینیکردنی ڕەفتاری مرۆڤ و کاردەکات بۆ پراکتیزەکردنی چالاکییە مەعریفییەکان(بن يوسف، ٢٠٠٨: ٢٦).

**هۆکارەکانی کەمبونەوەی پاڵنەری فێربون لای فێرخواز:**

. نەبونی ئامادەیی بۆ فێربون لای فێرخواز لەدو لایەنەوە:

یەکەمیان سروشتییە: بۆ نمونە لەتەمەنێکی بچوکتردایە بەراورد بە هاوتەمەنەکانی ئامادەیی پێویستی بۆ فێربون نییە یان گەشەکردنی بەراورد بە هاوتەمەنەکانی هێواشترە.

دوەمیان تایبەتە: بەردەست نەبونی چەمکەکان و ئەزمونی پێشوەختەی پێویست بۆ فێربونی باش.

. نەبونی ئارەزوی فێرخواز بۆ فیربون لەپلەی یەکەمدا جگە لە ڕون نەبونی مەیل و پلانەکانی داهاتوی، بەو پێیە فێرخواز درك بە گرنگی بەردەوام بون ناکات لە فێربون.

. نەبونی نمونەی زیندو بۆئەوەی خوێندکار لاسایی بکاتەوەو بەکاری بهێنێت.

. هەستکردن بە فشاری دەرونی لەئەنجامی ئەو سنوردارکردن و یاسایانەی بەسەریدا سەپێنراوە. وەك فشاری دایك و باوك.

. تێرنەکردنی هەندێك لە پێداویستییە بنەڕەتییەکان(قوراري، ٢٠١٤: ٣٤).

## دوەم: توێژینەوەکانی پێشو:

**١ – السيد و ئەوانیتر (٢٠١٩)**

بە ناونیشانی (کاریگەری جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا لەسەر گەشەی زانەکی(معرفي) منداڵانی باخچە. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا لە باخچەی منداڵان لە وڵاتی کوێت، کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی زانەکی منداڵ. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتوە، پێوەر بەکارهاتوە بۆ دەستنیشانکردنی بۆچونی مامۆستایانی باخچەی منداڵان، نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٣٠) مامۆستای باخچە، توێژینەوەکە دەریخستوە، کە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی گەشەکردنی زانەکی منداڵانی باخچە.

**٢ – الدوهري (٢٠٢٣)**

بە ناونیشانی (ڕۆڵی تەکنەلۆژیای فێرکاری نوێ لە گەشەپێدانی هەندێك لە کارامەییە ئەقڵیەکان لای منداڵانی باخچە بەبۆچونی مامۆستایان). ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێ لە گەشەپێدانی هەندێك لە کارامەییە ئەقڵیەکان لای منداڵانی باخچە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە، هەروەها پێوەر بەکارهاتوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٣٢) مامۆستای باخچە. توێژینەوەکە دەریخستوە، کە تەکنەلۆژیای فێرکاری ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە ئەقڵیەکان لای منداڵانی باخچە بە نمرەیەکی بەرز، هەروەها تەکنەلۆژیا ڕۆڵی هەیە لەسەر فێربونی منداڵان بە بۆچونی مامۆستایانی باخچە.

**سودەکانی توێژینەوەکانی پێشو:**

١ – یەكێك لە سودەكان بریتیە لە سود وەرگرتن لە دیاریكردنی میتۆدی توێژینەوە، كە لەهەردو توێژینەوەكەی پێشودا میتۆدی وەسفی بەكارهاتوە، بەهەمان شێواز لەم توێژینەوەیەشدا میتۆدی وەسفی بەكارهاتوە.

٢ – سودوەرگرتن لە دیاریكردنی ئامانجەكانی توێژینەوەكە.

٣ - سودوەرگرتن لە ئامرازی بەكارهاتو لە توێژینەوەكەدا.

٤ – سودوەرگرتن لە بەكارهێنانی كەرەستە ئامارییەكان بۆ خستنەڕوی ئەنجامی ئامانجەكانی توێژینەوەكە.

٥ – سودوەرگرتن لە خستنەڕوی ڕاسپاردەو پێشنیارەكان.

## ڕێبازی توێژینەوەو ڕێكارەكانی

**یەكەم: میتۆدی توێژینەوەكە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەكارهێناوە كە دیارترین میتۆدی توێژینەوەی زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكانە، بەتایبەتیش لەبواری پەروەردەو سایكۆلۆژیاو كۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدەو تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە كە جەخت لەسەر دیاردەو ڕوداوەكانی ئێستا دەكەنەوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی زانستی پاشان شرۆڤەكردنی بەشێوەیەكی بابەتیانە كە لەگەڵ پێدراوە كردەییەكانی دیاردەكە بگونجێ(محمد، ٢٠٢٠: ٣٣).

**دوەم: كۆمەڵگای توێژینەوەكە:** كۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی منداڵانی سەنتەری قەزای ڕانیە كە پێكهاتوە لە (١٢٢) مامۆستا بە جۆرێك (١٠) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر، (١١٢) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (١) كۆمەڵگای توێژینەوەكە

| باخچە حكومیەكانی سەنتەری قەزای ڕانیە | ڕەگەز | | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| باخچەی منداڵانی شایی | ١ | ١٨ | ١٩ |
| باخچەی منداڵانی شنە | ٢ | ١٤ | ١٦ |
| باخچەی منداڵانی پەپولە | - | ٢٢ | ٢٢ |
| باخچەی منداڵانی ڕەز | ٢ | ١٣ | ١٥ |
| باخچەی منداڵانی ئەژی | - | ١٤ | ١٤ |
| باخچەی منداڵانی وەنەوشە | ٢ | ٦ | ٨ |
| باخچەی منداڵانی خەندە | ٢ | ١٨ | ٢٠ |
| باخچەو قوتابخانەی مهاباد | ١ | ٧ | ٨ |
| كۆی گشتی | ١٠ | ١١٢ | ١٢٢ |

**سێیەم: نمونەی توێژینەوەكە:** بۆ هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەكە توێژەر بە شێوازێكی هەڕەمەكی سادە نمونەی توێژینەوەكەی هەڵبژارد كە پێكهاتوە لە (٩٣) مامۆستای باخچە. بۆ دیاریكردنی قەبارەی نمونەكە پەنابراوەتە بەر یاسای ئەلفا بەپێی ئاستی گومانی توێژینەوەكە كە بریتییە لە (٠,٠٥).

$$N = \frac{122}{1+122\times(0.05)^2} = 93$$

(Jeffry and Joyce , 2012: 129)

**چوارەم: ئامرازەكانی توێژینەوەكە:** لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكە بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیارییەكان پێوەر بەكارهێنراوە، توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستوە بە:

**أ -** پێوەری (السید و ئەوانیتر ٢٠١٩) بۆ گۆڕاوی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان کە لە (١٦) بڕگە پێکهاتوە، بژاردەکانی پێوەرەکە بۆ بڕگە ئیجابییەکان بریتییە لە (لەگەڵیدام٣، تاڕادەیەك لەگەڵیدام٢، لەگەڵیدانیم١)، بۆ بڕگە سلبییەکان بریتییە لە (لەگەڵیدام١، تاڕادەیەك لەگەڵیدام٢، لەگەڵیدانیم٣).

**ب -** پێوەری (سماوی، ٢٠١٨) بۆ گۆڕاوی پاڵنەری فێربون کە لە (١٦) بڕگە پێکهاتوە، بژاردەکانی پێوەرەکە بۆ بڕگە ئیجابییەکان بریتییە لە (بەبەردەوامی٣، هەندێکجار٢، زۆربەکەمی١)، بۆ بڕگە سلبییەکان بریتیبون لە (بەبەردەوامی١، هەندێکجار٢، زۆربەکەمی٣). دواتر لە هەنگاوەکانی تردا تایبەتمەندی پێوەری زانستی بۆ دەرهێنرا کە ڕاستگۆیی و جێگیری لەخۆ دەگرێت.

## پێنجەم: ڕاستگۆیی:

**أ– ڕاستگۆیی وەرگێڕان:** بۆدیاریکردنی ڕاستگۆیی وەرگێڕان، سەرەتا پێوەر درا بە شارەزایەکی زمانی کوردی کە عەرەبی بەباشی دەزانێت، بۆئەوەی پێوەرەکە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، پاشان پێوەرە کوردییەکە درا بە شارەزایەکی زمانی عەرەبی کە زمانی کوردی دەزانێت، بۆئەوەی پێوەرەکە وەرگێڕێتەوە سەر زمانی عەرەبی، دواتر هەردو پێوەرە عەرەبی و کوردییەکە درا بە پسپۆڕێکی پەروەردەیی شارەزا لە زمانی عەرەبی و کوردی بۆئەوەی ڕادەی لەیەکچونی بڕگەکان دەستنیشانبکات بۆ دڵنیابون لە ڕاستگۆیی پێوەرەکە بە زمانی کوردی، پرۆسەکە بەسەرکەوتویی ئەنجامدرا.

**ب – ڕاستگۆیی ڕواڵەت:** مەبەست لە ڕاستگۆیی توانای بڕگەکانی پێوەرەکەیە لە پێوانی ئەو دیاردەیەی کە دەپێورێت(ملحم، ٢٠٠٢: ٢٨٧). توێژەر بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی بۆ پێوەرەکانی توێژینەوەکە (ڕاستگۆیی ڕواڵەت)ی بەکارهێناوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەرەکان دابەشکاران بەسەر پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و دەرونی کە ژمارەیان (٥) پسپۆڕە، دوای وەرگرتنەوەی هەردو پێوەرەکە، سەرجەم بڕگەکانی هەردو پێوەرەکە ڕێژەی ڕاستگۆیی سەروی (٨٠٪) بو ئەمەش بەپێی سەرچاوە زانستییەکان ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ ڕاستگۆیی، هەروەها بەپێی تێبینی و ڕای پسپۆڕان هەندێك گۆڕانکاری زمانەوانی کرا.

### ج – ڕاستگۆیی بونیادنان:

**١ - پێوەری جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان:** دوای دابەشکردن و وەرگرتنەوەی پێوەری جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان کەلە (١٦) بڕگە پێکهاتوە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا کە بریتییە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی سەنتەری قەزای ڕانیە کە ژمارەیان (٩٣) مامۆستابو، بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی بونیادنان توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن وەرگرتوە، وەك لەم خشتەی خوارەوە دەبینرێت. هەمو بڕگەکانی پێوەری جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکە هەیە ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value<0.05)، بۆیە هیچ بڕگەیەك لانەدراوە.

خشتەی ژمارە (٢) ڕاستگۆیی بونیادی پێوەری جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان ڕوندەکاتەوە

| پێوەر | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان | ١ | 0.424** | ٩ | 0.347** |
| | ٢ | 0.374** | ١٠ | 0.402** |
| | ٣ | 0.315** | ١١ | 0.354** |
| | ٤ | 0.434** | ١٢ | 0.450** |
| | ٥ | 0.379** | ١٣ | 0.434** |
| | ٦ | 0.315** | ١٤ | 0.503** |
| | ٧ | 0.321** | ١٥ | 0.535** |
| | ٨ | 0.268** | ١٦ | 0.492** |

**٢ – پێوەری پاڵنەری فێربون:** دوای دابەشکردن و وەرگرتنەوەی پێوەری پاڵنەری فێربون کەلە (١٦) بڕگە پێکهاتوە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا کە بریتییە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی سەنتەری قەزای ڕانیە کە ژمارەیان (٩٣) مامۆستابو، بۆ دەرهینانی ڕاستگۆیی بونیادنان توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن وەرگرتوە، وەك لەم خشتەی خوارەوە دەبینرێت. هەمو بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربون پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکە هەیە ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value<0.05)، بۆیە هیچ بڕگەیەك لانەدراوە.

خشتەی ژمارە (٣) ڕاستگۆیی بونیادی پێوەری پاڵنەری فێربون ڕوندەکاتەوە

| پێوەر | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری فێربون | ١ | 0.679** | ٩ | 0.445** |
| | ٢ | 0.563** | ١٠ | 0.646** |
| | ٣ | 0.423** | ١١ | 0.603** |
| | ٤ | 0.478** | ١٢ | 0.597** |
| | ٥ | 0.587** | ١٣ | 0.600** |
| | ٦ | 0.600** | ١٤ | 0.606** |
| | ٧ | 0.520** | ١٥ | 0.520** |
| | ٨ | 0.485** | ١٦ | 0.485** |

**شەشەم: جێگیری:** یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێویستە بەر لەوەی ئامرازەکە پراکتیزەو جێبەجێبکرێت دڵنیابین لەبونی خەسڵەتی جێگیری، بایەخی پێوانەکردنی نمرەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە لەوەدایە هەرکاتێك بەکارمانهێنا هەمان ئەنجاممان پێبداتەوە یان ئەنجامێکی نزیك لەو ئەنجامە(بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٦). سەرەتا (٢٠) فۆرم دابەشکرا بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا لەڕێککەوتی (٢٠٢٤/١١/١٩)، توێژەر بۆ جێگیری هەردو پێوەری "جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون" هەریەك لەم ڕێگایانەی بەکارهێناوە:

- **چۆنیەتی ناوخۆیی (ئەلفا کرونباخ):** ئەم تاقیکردنەوەیە ئاستێکی بەرزی بۆ جێگیربونی هەر پێوەرێك هەیە، وەك لەخشتەی (٤)دا دەبینرێت کە تێیدا بەهای ئەلفا کرۆنباخی پێوەری جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان بریتییە لە (٠,٧٩٥) ئەمەش ئاستێکی باشە بۆ جێگیری هەر پێوەرێك، هەروەها پێوەری پاڵنەری فێربون بەهاکەی بریتییە لە (٠,٨٢٨) ئەمەش ئاستێکی بەرزە بۆ جێگیری هەر پێوەرێك.
- **کەرتکردنی پێوەرەکە بۆ بڕگەی تاك و جوت (Split-Half Coefficient):** توێژەر هەردو پێوەرەکەی بۆ دو نیوەکەرتی بڕگەی تاك و جوت لەڕێگەی تاقیکردنەوەی (Guttman Split-Half Coefficient) ئەنجامدا. کە بەهای پێوەری جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان بریتیبو لە (٠,٩١١) ئەمەش ئاستێکی بەرزە بۆ جێگیری هەر پێوەریك، هەروەها بەهای پێوەری پاڵنەری فێربون بریتیبو لە (٠,٩٠٩) ئەمەش ئاستێکی بەرزە بۆ جێگیری هەر پێوەرێك.

خشتەی ژمارە (٤) ئاستی جێگیری پێوەرەکانی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون

| پێوەر | ژمارەی بڕگە | Alpha's Cronbach الفا کرونباخ | Guttman Split-Half گۆتمان | Sperman-Brown سپێرمان براون |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان | ١٦ | ٠,٧٩٥ | ٠,٩١١ | ٠,٩١٣ |
| پاڵنەری فێربون | ١٦ | ٠,٨٢٨ | ٠,٩٠٩ | ٠,٩١ |

**حەوتەم: جێبەجێکردنی کۆتایی:** دوای ئامادەبونی پێوەرەکان بەشێوەی کۆتایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٢/٢) بۆ (٢٠٢٥/١/٢٣) پێوەرەکان دابەشکران بەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (٩٣) مامۆستا بو، لەپاش وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان ئامادەکران بۆئەوەی بکرێنە داتا بۆ شیکردنەوەی ئاماری.

**هەشتەم: کەرەستە ئامارییەکان:** بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتایانەی کە لەدوای جێبەجێکردنی کۆتایی دەست توێژەر کەوتوە، توێژەر ئەم کەرەستە ئاماریانەی خوارەوەی بەکارهێنا:

١. ڕێژەی سەدی
٢. الفا کرونباخ
٣. گۆتمان
٤. تاقیکردنەوەی تی بۆیەك نمونە
٥. هاوکۆلکەی هاوپەیوەندی پێرسۆن

## خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا لەباخچەی منداڵان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.** توێژەر بەمەبەستی زانینی ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان هەستا بە شیکردنەوەی داتای (٩٣) فۆرِم کەبەسەر مامۆستایانی باخچەدا دابەشکرابو، پاشان هەریەکە لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ناوەندی گریمانەیی دەرهێنران، کە ناوەندی ژمێرەیی بریتیبو لە (٣٦,٤٦٢) و لادانی پێوەری (٣,٦٩) بو، هەروەها ناوەندی گریمانەیی (٣٢) بو، لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان بونی هەیە و جێبەجێدەکریت لە باخچە حکومییەکان.

خشتەی ژمارە (٥)
ئەنجامی (T.Test) ی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان لە باخچەی منداڵان

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| ٩٣ | ٣٦,٤٦٢ | ٣,٦٩ | ٣٢ | ٩٢ | ١١,٦٦ | ١,٩٦ | p-value=0.000 بەڵگەدارە |

پاشان توێژەر هەڵسا بەدەرهێنانی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ یەك نمونەی سەربەخۆ، بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاستی ئاماری، دەرکەوت کە ڕێژەی تی ژمێراو (١١,٦٦) بو، کە گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی (١,٩٦) بە نمرەی ئازادی (٩٢) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) وەك لە خشتەی ژمارە (٥) ڕونکراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان بونی هەیە لە باخچە حکومییەکانی سەنتەری قەزای ڕانیە. ئەنجامی ئەم ئامانجەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (الدوهري، ٢٠٢٣) دەریخستوە کە تەکنەلۆژیا ڕۆڵی هەیە لەسەر فێربونی منداڵان.


خشتەی ژمارە (٦) ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان لە باخچەی منداڵان نیشان دەدات

| پێوەری توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پێوەری Std.Divition | ژمارەی نمونە | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان | ٢,١٣٤ | ٠,٦٤٨ | ٩٣ | مامناوەند |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکە=(٣/١) = (١-١,٦٦، نزم) (١,٦٧-٢,٣٣، مام ناوەند) (٢,٣٤-٣، بەرز). دەرکەوتوە تەکنەلۆژیا بە ئاستێکی مامناوەند بەکاردەهێنرێت.

توێژەر پێیوایە کە مامۆستایانی باخچەی منداڵان هەرچەندە گرنگی دەدەن بە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا و بەڕادەیەکی مامناوەند بەکاری دەهێنن لەوانەکانیاندا، بۆئەوەی منداڵانی باخچە فێری هەندێك کارامەیی سادە بن بەگوێرەی گەشەی ژیری و جەستەییان. لەبەرئەوەی منداڵ سود لەم کارامەییانە وەردەگرێت لە دروستکردنی شتی بینراو لە بیرۆکەکانیانەوە. هۆکاری ئەوەی کە بەشێوەیەکی مامناوەند بەکاریدەهێنن دەگەڕێتەوە بۆ بەردەستنەبونی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەڕێژەیەکی زۆر و کەمی پاڵپشتی مادی بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی باش، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆسەی فێرکردندا تارادەیەك بابەتێکی تازەیەو ئەزمونەکانی مامۆستایان لەم بوارەدا پێویستی بە بەرەوپێشبردن هەیە بۆیە دەکرێت لە ئایندەدا بەشێوەیەکی بەرز بەکاریبهێنن.

پاڵپشت بە توێژینەوەی السید و ئەوانی تر(٢٠١٩) کە لە توێژینەوەکەیاندا ئەوەیان خستوەتەڕو کە تەکنەلۆژیا کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی مەعریفی منداڵانی باخچە و سودی لێوەردەگرن و هەل بە منداڵ دەبەخشێت بۆ جێبەجیکردنی ئەرکە فێرکارییەکانی و ئەمەش یارمەتییان دەدات لەسەر فێربونی خودی.




شێوەی (١)

نیشاندانی ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان

**ئامانجی دوەم: زانینی ئاستی پاڵنەری فێربون لەباخچەی منداڵان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.** توێژەر بەمەبەستی زانینی ئاستی پاڵنەری فێربون هەستا بە شیکردنەوەی داتای (٩٣) فۆڕم کە بەسەر مامۆستایانی باخچەدا دابەشکرابو، پاشان هەریەکە لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ناوەندی گریمانەیی دەرهێنران، کە ناوەندی ژمێرەیی بریتیبو (٣٦,١٩٣) و لادانی پێوەری (٤,١٩٣) بو، هەروەها ناوەندی گریمانەیی (٣٢) بو، لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاڵنەری فێربون بونی هەیە لای منداڵان لە باخچە حکومییەکان.

خشتەی ژمارە (٧)

ئەنجامی (T.Test) ی پاڵنەری فێربون لە باخچەی منداڵان

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| ٩٣ | ٣٦,١٩٣ | ٤,١٩٣ | ٣٢ | ٩٢ | ٩,٨٠٧ | ١,٩٦ | p-value=0.000 بەڵگەدارە |

پاشان توێژەر هەڵسا بەدەرهێنانی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ یەك نمونەی سەربەخۆ، بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاستی ئاماری، دەرکەوت کە ڕێژەی تی ژمێراو (٩,٨٠٧) بو، کە گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی (١,٩٦) بە نمرەی ئازادی (٩٢) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) وەك لە خشتەی ژمارە (٧) ڕونکراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاڵنەری فێربون بونی هەیە لای منداڵانی باخچە حکومیەکانی سەنتەری قەزای ڕانیە.


خشتەی ژمارە (٨) ئاستی پاڵنەری فێربون لە باخچەی منداڵان نیشان دەدات

| پێوەری توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پێوەری Std.Divition | ژمارەی نمونە | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری فێربون | ٢,١٤٤ | ٠,٥٨٤ | ٩٣ | مامناوەند |

دیاریکردنی ئاستەکان بە گوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکە=(٣/١) = (١-١,٦٦، نزم) (١,٦٧-٢,٣٣، مام ناوەند) (٢,٣٤-٣، بەرز). دەرکەوت ئاستی پاڵنەری فێربون بەشێوەیەکی مامناوەندە.

توێژەر پێی وایە هەرچەندە مامۆستایانی باخچە گرنگی دەدەن بە فێرکردنی منالانی باخچە بەبەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر پشتبەست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کەرەستە فێرکارییە پەروەردەییەکان، بەڵام سود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی لە پەروەردەو فێرکردنی منداڵاندا پێویستی بە شارەزایی باش هەیە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە وانەکاندا بابەتێکی تازەو سەردەمیانەیە، بۆیە پێویستی بە پلاندانان هەیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی سەرکەوتو جێبەجێبکرێت، هەمو ئەمانەش وادەکەن ژینگەیەکی پەروەردەیی فێرکاری دروست ببێت بۆ منداڵان کەلەگەڵ حەزو ئارەزو و تواناکانیان بگونجێت. لەئەنجامیشدا منداڵان زیاتر کارلێك دەکەن لەگەڵ ژینگە فێرکارییەکەداو دەبێتە هۆی ئەوەی کە حەزی فێربونی شتی نوێ بکەن و لە ڕەفتارەکانیاندا ڕەنگبداتەوە. لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی مامناوەند بەکاردەهێنرێت ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە ئاستەکەی مامناوەند بێت.

پاڵپشت بە توێژینەوەی سماوی (٢٠١٨) ئەوەی خستوەتەڕو گرنگیدان بە منداڵی ئێستا گرنگیدانە بە داهاتویان، قۆناغی منداڵی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکان لە دروستبونی کەسایەتی لە داهاتودا. ئەمەش لەگەڵ ئاراستە نوێیەکان دەگونجێت بۆیە دەبێت بەرنامەکانی چاودێری و پەروەردەکردنیان جۆراوجۆر بکرێت بۆ دروستکردنی متمانەبەخۆبون و سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن. بۆیە کاتێك ئێمە توانیمان پاڵنەر بۆ منداڵ دروستبکەین ئەوکات هەوڵی فێربون دەدات.




شێوەی (٢)
نیشاندانی ئاستی پاڵنەری فێربون

**ئامانجی سێیەم: دەرخستنی ئاستی پەیوەندی نێوان جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.** ئەم ئامانجە دو گۆڕاو لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە "جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان" کە گۆڕاوی سەربەخۆیە، هاوکات گۆڕاوی "پاڵنەری فێربون" گۆڕاوی وابەستە - شوێنکەوتوە، دوای ئەنجامدان و دڵنیابون لە تەواوی مەرجەکانی هەردو گۆڕاوەکە. تاقیکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدرا. بە جۆرێك وەك لە خشتەی (٩) دا دەرکەوتوە بەهای دەرهێنراوی پەیوەندی نێوان جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون بریتییە لە (٠,٢٩٣) هاوکات (p-Value < 0.04)، ئەم ئەنجامەش واتای ئەوەیە پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانەی لاواز لە نێوان جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون هەیە. واتە هەرچەندە ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان زیادبکات ئەوا ئاستی پاڵنەری فێربون بەشێوەیەکی کەم زیاد دەکات. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بە کەمبونەوەی ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان ئەوا ئاستی پاڵنەری فێربون کەم دەکات.

خشتەی ژمارە (٩): دیاریکردنی ئاستی پەیوەندی نێوان جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون

| گۆڕاو | | پاڵنەری فێربون |
|---|---|---|
| جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان | ئاستی پەیوەندی | $r/0.293^{**}$ |
| | ژمارەی نمونە | **93** |

p- value < 0.04

هەروەکو لەخشتەی ژمارە (٩) دا دەرکەوەتوە هەرچەندە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانەی لاواز لە نێوان جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون هەیە، واتە پەیوەندییەکە هەیە بەڵام لاوازە، هۆکاری لاوازی ئەم پەیوەندیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە وانەکاندا بابەتێکی تازەو سەردەمیانەیە ئەمەش پێویستی بە شارەزاییەکی باش و ئامادەکارییەکی پێشوەختە هەبێت لەلایەن مامۆستایانەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی پلان بۆدارێژراو جێبەحێبکرێت، بەشێوەیەك کە زۆرترین ئامانجە پەروەردەییەکان بهێنێتە دی، لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو بەستنەوەی بە بابەتی فێرکردنەوە پێویستی بە ئەزمون و شارەزایی هەیە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرنامەو ئەپەکانی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی بۆئەوەی فێرخوازان زۆرترین سودی لێوەربگرن. هەروەکو لە ئەنجامیشدا دەرکەوتوە هەرچەندە تەکنەلۆژیا زیاتر بەکاربهێنرێت ئەوا پاڵنەری فێربونیش بەرزدەبێتەوە.

## خستنەڕوی دەرئەنجامەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١ - تەکنەلۆژیا جێبەجێدەکرێت لە باخچەی منداڵانی حکومی لەسەنتەری قەزای ڕانیە بەشێوەیەکی مامناوەند.

٢ - پاڵنەری فێربون بونی هەیە لای منداڵانی باخچە حکومیەکانی سەنتەری قەزای ڕانیە بە شێوەیەکی مامناوەند.

٣ - پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانەی لاواز لە نێوان جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان و پاڵنەری فێربون هەیە. واتە هەرچەندە ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان زیاد بکات ئەوا ئاستی پاڵنەری فێربون بەشێوەیەکی کەم زیاددەکات. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بە کەمبونەوەی ئاستی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژییەکان ئەوا ئاستی پاڵنەری فێربون کەم دەکات.

## ڕاسپاردەکان:

١ – کاربکرێت لەسەر پاڵپشتیکردنی مامۆستایان بۆ زیاتر بەکارهێنان و جێبەجیکردنی تەکنەلۆژیا لەوانەکاندا.

٢ – بەشداریکردنی مامۆستایانی باخچە لە خولەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرنامە فێرکارییە مۆدێرنەکان.
٣ – هاندانی مامۆستایان لەسەر دیزاین و ئامادەکردنی هەندێك یاری فێرکاری نوێ کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکانی باخچە بە سود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا کە لەگەڵ تایبەتمەنی منداڵانی باخچە یەکبگرێتەوە.
٤ - پابەندبون و بەردەوامبونی مامۆستایانی باخچە لەسەر ڕەخساندنی ژینگەی فێرکاری بۆ زیاتر هاندانی منداڵان و زیاترکردنی پاڵنەری فێربونیان.
٥ – دابینکردنی چەند هاندانێکی مادی و مەعنەوی بۆ منداڵانی باخچە بۆ زیاتر وابەستەبون بە وانەکان لەکاتی بەکارێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوندا.

## پێشنیارەکان:

١ – ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر تەکنەلۆژیای فێرکاری پەیوەندی بە پەرەپێدانی لێهاتوییە مەعریفییەکان لای منداڵانی باخچە.
٢ – ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاراستەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرەو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە فێرکردنی منداڵان.
٣ - ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیای فێرکاری لە پەرەپێدانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان.
٤ - ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پەیوەندی بە حەزی فێربون لای منداڵانی باخچە.

### لیستی سەرچاوەکان:


بۆکانی، سابیر (٢٠٢٠). میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا – سلێمانی، هەرێمی کوردستان.
رسول، ابراهیم رسول (٢٠١٤). دەروازەیەك بۆ وانە وتنەوە، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
قەرەچەتانی، کریم شریف (٢٠٠٨). سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند – سلێمانی.
محمد، سەرکەوت جمال (٢٠٢٠). ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی، چاپی ئەلیکترۆنی pdf.
ابوجادو، صالح محمد على (٢٠٠٦). علم نفس التربوي، الطبعة الخامسة، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
ابوحويج، مروان (٢٠٠٤). المدخل إلى علم النفس التربوي، دار البازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.
أبوالرياش، حسين محمد، شريف، سليم محمد و الصافى، عبدالحكيم (٢٠٠٩). أصول إستراتيجيات التعلم و التعليم: النظرية و التطبيق، ط١، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان.
بن يوسف، امالا (٢٠٠٨). (العلاقة بين إستراتيجيات التعلم والدافعية للتعلم وأثرهما على التحصيل الدراسي)، رسالة ماجستير غير منشورة، علم التربية، جامعة الجزائر، الجزائر.
التميمي، عواد جاسم محمد (٢٠١٠). طرائق التدريس العامة، المألوف والمستحدث، دار الحوراء، العراق.
الدوهري، لمياء باتل مفرح الحقباني (٢٠٢٣). (دور التكنولوجيا الحديثة في تطوير بعض المهارات العقلية لدى طفل الروضة من وجهة نظر المعلمات)، ماجستير التربية في الطفلة المبكرة – جامعة الملك فيصل.
دوقه، احمد (٢٠١١). سيكولوجية الدافعية للتعلم في التعليم ماقبل التدرج، ديوان المطبوعات الجامعية، الساحة المركزية، بن عكنون، الجزائر.
الرفوع، محمد أحمد (٢٠١٥). الدافعية نماذج وتطبيقات، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
الزغبي، أحمد محمد (٢٠٠١). علم النفس النمو، دون طبعة، المكتبة الوطنية، عمان، الاردن.
الزغول، عماد عبدالرحيم (٢٠٠٦). مقدمة فى علم النفس التربوي، الطبعة الاولى، دار يزيد للنشر والتوزيع، عمان.
الزيد، نادر فهمى واخرون (١٩٩٩). التعلم و التعليم الصفي، الطبعة الرابعة، دار الفكر للطباعة و النشر والتوزيع.
زيدان، نصرت جياد (٢٠١٥). (مشكلات استخدام التكنولوجيا في التعليم التي تواجه مدرسي اللغة العربية في المرحلة الإعدادية)، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم التربوية، جامعة الشرق الأوسط.
السيد، هالة يحى، محمدى، إيهاب سعد و العنزى عائشه خلف (٢٠١٩). (اثر التطبيقات التكنولوجية على النمو المعرفى لطفل الروضة)، مجلة الكلية التربية النوعية للدراسات التربوية و النوعية، العدد(٩) أغسطس.

سالم، فاطمة عطية عمران (٢٠٢١). (تصور مقترح لتفعيل دور معلمة الروضة في تنمية التكنولوجيا الرقمية للطفل في ظل الازمات المعاصرة)، مجلة جامعة جنوب الوادي الدولة للعلوم التربوية، العدد السابع، ديسمبر ٢٠٢١، ISSN(online): 2636-2899.

سيد، طارق سلام (٢٠٢٣). (دمج التكنولوجيا في مرحلة ماقبل المدرسة)، مجلة دراسات فى الطفولة و التربية-جامعة اسيوط، العدد السادس و العشرون-يوليو ٢٠٢٣ – الجزء الثاني.

سعدي، ساميه (٢٠٠١). مقدمة فى علم النفس التربوي، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة و التوزيع، عمان، الاردن.

سماوى، فادي سعود (٢٠١٨). (بناء مقياس الدافعية نحو التعلم لدى أطفال الروضة في الأردن)، جامعة البلقاء التطبيقيه / كلية الأميرة عالية الجامعية.

شحادة أمل عايد (٢٠٠٦). التكنولوجيا التعليمية، ط١، كنوز المعرفة، عمان.

العليان، نرجس قاسم مرزوق (٢٠١٩). (إستخدام التقنية الحديثة في العملية التعليمية)، مجلة كلية التربية الأساسيه للعلوم التربوية و الأنسانية / جامعة بابل، عدد ٤٢.

عبدالخالق، احمد محمد (٢٠٠٦). علم النفس العام،دون طبعة، دار المعرفة الجامعية، مصر.

علاونه، شفيق فلاح (٢٠٠٥). سيكولوجية التطور الإنساني من الطفولة إلى الرشد، دار الميسرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان.

عمر، على عبدالمعطي (٢٠٠٧). (علاقة غايات نظريات العلم المعاصر بعواقب التطبيقات التكنولوجية)، رسالة دكتوراه، كليه الاداب، جامعة الاسكندرية.

عياصره، على احمد عبدالرحمن (٢٠٠٦). القيادة و الدافعية فى الادارة التربوية، الطبعة الاولى، دار الحامد.

غباري، ثائر احمد (٢٠٠٨). الدافعية النظرية و التطبيق،ط١، دار الميسرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان.

الفار، إبراهيم عبدالوكيل (٢٠١٥). تربويات تكنولوجيا العصر الرقمي، دار الكتب، القاهرة.

قوراري، ناصر زحاف عبدالقادر (٢٠١٤). (الدافعية للتعلم وعلاقتها بالتحصيل الدراسي فى مادة اللغة الانجليزية لدى طلبة السنة الثانية من التعليم الثانوي)، مزكرة لنيل شهادة الماستر، علوم التربية، جامعة مولاى الطاهر، سعيدة، الجزائر.

المالكي، أماني صالح احمد (٢٠٢١). (اتجاهات معلمات رياض الاطفال بمكة المكرمة نحو إستخدام تقنيات التعليم في تدريس الأطفال)، كليه التربية، جامعة الطائف.

محمد، عبدالله العارضة (٢٠١٣). النمو المعرفي لطفل ماقبلة المدرسة، نظرياته وتطبيقاته، دار الفكر، عمان، الأردن.

ملحم، سامى محمد (٢٠٠٢). القياس و التقويم فى التربية وعلم النفس، ط٢، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعه، عمان، الاردن.

نشواتى عبدالمجيد (٢٠٠٣). علم النفس التربوي، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان.

ياسين، نوال حامد احمد (٢٠٠٦). طرق تدريس رياض الاطفال من اللعب إلى التعلم، فهرسة مكتبة فهد الوطنية.

يوسف، أحمد عيادات (٢٠٠٤). الحاسوب التعليمي وتطبيقاته التربوية، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان.

يونس، محمد محمود بني (٢٠٠٧). سيكولوجية الدافعية والانفعالات، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

Jeffry J. Tejada and Joyce Raymond B. Punzalan (2012). On the Misuse Slovin's Formula, the Philippine Statistician Vol.61, No1 (2012) pp.129-136.

Novan, Z, Muhammad, A (2016). Big Data: Concept, Applications, Challenges, International Conference on Information Management and Technology (ICIMTECH), 16-18 November, Astone Tropicana Hotel, Bandung, Indonesia pg.309.

Ormrod, J (2012). Human Learning, (6th edition). ch.16 (416) Upper Saddle River. N.J: Pearson Prentice Hall.416.